السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ لە براکەی دابېڕێت، هەرکەسێک سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ دابېڕێت؛ وبمرێت دەچێتە دۆزەخەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ لە براکەی دابېڕێت (هەجری بکات)، هەرکەسێک سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ دابېڕێت؛ وبمرێت دەچێتە دۆزەخەوە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ لە براکەی دابېڕێت (هەجری بکات)، ئەگەر ئەم هەجرکردنە بە هۆکاری نەفس ودونیا بێت، بەڵام ئەگەر مەبەستەکە شەرعی بێت؛ ئەوا هەجرکردن دروستە ولەوەیە واجب بێت، وەکو هەجرکردنی ئەهلی بیدعە -بیدعەچیەکان- وفاسق وتاوانبارەکان ئەگەر تەوبە نەکەن، وئەوەی دەنگ لە براکەی داپڕێت بۆ هۆکاری دونیایی وهەجری بکات وپاشان بمرێت بێ ئەوەی تەوبەی کردبێت لە ئەم تاوانە؛ ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە چونکە سوور بووە لەسەر تاوانی هەجرکردن وتەوبەی لێنەکرد، وزانراوە هەرمسوڵمانێک بمرێت وبچێتە دۆزەخەوە وخوای گەورە لێی خۆش نەبێت؛ ئەوا هەر لە دۆزەخ دەردەچێت وبۆ هەتاهەتایە تێیدا نامێنێتەوە، وتەنها کافرەکان -بێباوەڕەکان- بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8882

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee